# ساڵانە خەڵاتی ئەفراندن دەدرێتە شانۆکارانی کورد

شاد محەمەد

گۆڤاری شانۆ کە گۆڤارێکی ئەکادیمی تایبەت بە هونەری شانۆ و دوو مانگ جارێک لەلایەن تیپی شانۆی سالارەوە بڵاودەکرێتەوە،  تەرخانکردنی خەڵاتی ساڵانەی تایبەت بە ئەفراندنەکانی شانۆکاری کورد ڕاگەیاند .

ئەرسەلان دەرویش سەرنووسەری گۆڤاری شانۆ کە گۆڤارێکی ئەکادیمی شانۆییە و دوو مانگ جارێک لەلایەن تیپی شانۆی سالارەوە دەردەچێت سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم خەڵاتە بۆ شانۆکاران وتی:( لەسەرەتای حەفتاکاندا خەڵاتی بابان بە دەستپێشخەری مامۆستا تەها بابان درایە بەرۆکی چەندین شانۆکاری کورد و بەرۆکی شانۆکارانی رازاندەوە بەڵام تا ئەمڕۆ لە کوردستاندا چ بەرنامەڕێژییەک نەکراوە بۆ نرخاندنی ئاستی (ئەفراندن)لەبوارە جیاجیاکانی هونەری شانۆدا هەربۆیە ئێمە وەکو گۆڤاری شانۆ و بەپشتیوانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانانی(خەڵاتی ئەفراندن)بۆ شانۆکاری کورد بەئەرکێکی هەنووکەیی خۆمان زانی) سەبارەت بەو پرسیارەش کە بۆچی تا ئەمڕۆ و بەر لەو راگەیاندنەی ئەوان بۆ دانانی خەڵاتی ئەفراندن بۆ شانۆکارانی کورد کاری لەو شێوەیە بەئەنجام نەگەیشتووە، ئەرسەلان دەرویش وتی: (بێگومان ئەمە بەشێکە لەو بێ بەرنامەییەی کەلە ئارادایە و و لەو بێ باکییەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەبارەت بە شانۆی کوردی لەگۆڕێدایە و دواجار بێئاگایی و کورت بینی بەرپرسان دەرهەق بە رۆڵ و کاریگەری مەزنی هونەری شانۆ بەرجەستە دەکات و ئەمەش بێگومان بۆخۆی یەکێکە لەو هۆکارانەی ئاستی داهێنانی ئەم بوارەی بەرەو سستی بردووە" لەبارەی ئامانجی بەخشینی ئەم خەڵاتەش بە شانۆکاری کورد، سەرنووسەری گۆڤاری شانۆ وتی( ئەم کارەی ئێمە وەکو تاکە گۆڤارێکی تایبەتمەند بەهونەری شانۆ کەلە کوردستاندا هەیە بۆ پشتیوانیکردنە لە ئەفراندنەکانی هونەرمەندی شانۆکاری کورد و لەپێناووی برەودانە بە شانۆ و هێنانەکایەی شانۆیەکی خاوەن دەنگ و رەنگی(کوردییە)وەک لە پلان و بەرنامەڕێژیی(شانۆی سالار)دا داڕێژراوە). سەبارەت بە شێوازی بەخشینی خەڵاتەکەش، ئەرسەلان دەرویش وتی:(لە 3/28ی ئەمساڵەوە هەتا 3/20ی ساڵی داهاتوو لیژنەیەکی پسپۆر پێکهاتووە بۆ بینین و هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەفراندن لەسەرجەم ئەو شانۆگەرییانەی کە دەیانەوێت بەشداری ئەم خەڵاتەدا بکەن و خەڵاتەکانی ئەفراندنی گۆڤاری شانۆش بوارەکانی:(ئەفراندنی تێکستی شانۆیی و دەرهێنان و ئەکتەری پیاو و ئەکتەری ژن و سینۆگرافیا )دەگرێتەوە و بەرهەمەکانی تیپی شانۆی سالار خەڵاتەکانی ساڵی یەکەم نایانگرێتەوە و بۆ بەشداریکردن لەم خەڵاتەشدا پێویستە هەر تیپ و گروپێکی شانۆیی کە بیەوێت بەشداری خەڵاتەکە بکات زانیاری تۆماردەکات و دەرهێنەری کارەکان خۆیان ئەو ئەنکێتە تایبەت وەردەگرن کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە و لەماوەیەکی دیاریکراودا دەیگێڕنەوە بۆ لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان".